# تیلیگرام دەستی کرد بە هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق بۆ کێشەی ئاشکراکردنی زانیاری

سەرچاوەیەکی حکومی ڕۆژی هەینی ئاشکرای کرد کە بەرپرسانی ئەپی تیلیگرام دەستیان کردووە بە هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق لەسەر کێشەی دزەکردن و ئاشکراکردنی زانیاری هاوڵاتیانی عێراق.

سەرچاوەکە بە RT ی ڕاگەیاند کە ئاژانسی هەواڵی موتڵەع بەدوای چووە، "بەرپرسانی حکومەتی عێراق پەیوەندییان لەگەڵ بەرپرسانی کۆمپانیای تیلیگرام کردووە سەبارەت بەو ئاشکراکردنی زانیارییە تایبەتییەکانی هاوڵاتیان کە لە کەناڵەکانی ئەم ئەپە ئاشکرا دەکرێت".

سەرچاوەکە ئاشکرای کرد: "هەردوولا دەستیان کردووە بە هەماهەنگیکردن لەسەر پاراستنی داتاکانی هاوڵاتیانی عێراق"، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکی هاریکارییەکە ئاشکرا بکات.

شایەنی ئاماژەیە کە حکومەتی عێراق چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەکارهێنانی تیلیگرامی قەدەغە کرد بەهۆی ئەوەی بە "کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی" هەیە، وەک حکومەتی عێراق ناوی برد.